ئەوەی دەیڵێیت وبانگەوازی بۆ دەکەیت باش وچاکە، ئەگەر پێمان بڵێیت ئەوەی کردوومانە لێخۆشبوونی بۆ هەیە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «خەڵکانێک لە موشریکەکان ؛ زۆریان کوشتبوو وزۆر زینایان کردبوو، هاتن بۆ لای موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ووتیان: ئەوەی دەیڵێیت وبانگەوازی بۆ دەکەیت باش وچاکە، ئەگەر پێمان بڵێیت ئەوەی کردوومانە لێخۆشبوونی بۆ هەیە، -ئەم ئایەتە دابەزی-: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ} [الفرقان: 68] واتە: {وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا هانا نابەن وناپارێنەوە لە پەرستراوێکی تر (لەگەڵ اللە کەس وشتی تر ناپەرستن) وناکوژن هیچ کەسێک کە خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردووە مەگەر بەهەق و ڕەوا نەبێت وە زینا و داوێن پیسی ناکەن}، و - ئەم ئایەتەیش- دابەزی: {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ} [الزمر: 53] واتە: {(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە زۆر گوناهـ وتاوانتان کردووە نائومێد مەبن لەمیهرەبانی وبەزەیی خوا}».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

چەند پیاوێك لە موشریکەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وزۆر خەڵکیان کوشتبوو وزینایان کردبوو، بە پێغەمبەریان ووت: ئەوەی بانگەوازی بۆ دەکەیت لە بنەما وڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام ؛ شتێکی جوان وچاکە، بەڵام حاڵی ئێمە چیە لەکاتێکدا شیرك وتاوانی گەورەمان کردووە، ئایا هیچ کەفارەتێك هەیە بۆ تاوانەکانمان؟ ئەم دوو ئایەتە دابەزی، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی خوای گەورە تەوبەکردنی خەڵکی قبوڵ دەکات هەرچەندە تاوانەکانیان زۆر وگەورە بێت، ئەگەر وا نەبووایە لەسەر کوفر وستەمیان بەردەوام دەبوون ونەدەهاتنە نێو ئەم ئاینەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65071